# ئەوەی لە شیعردا بەدوایدا گەڕاوم و نەمدۆزیوەتەوە لە شانۆدا بینیومەتەوە ....

دیدارێک لەگەڵ دلاوەر قەرەداغی

سازدانی: داستان بارزان

گۆڤاری هەنار ژمارە 46 دیسامبەری 2009

پ/ وەک دەزانین سەرەتای چوونە نێو دونیای ڕۆشنبیری ئێوە لە رێگای هونەری شانۆوە بووە، بەو پێیەی دەرچووی ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغدای بەشی شانۆ، دوای دەرچوونیشت لەو ئەکادیمیایە چەند کارێکی شانۆیت کردووە، ئایا شیعر و شانۆ هاوکات بە یەکەوە لەنێو تۆدا هاتونەتە بوون، یاخود لە سەرە تادا شانۆ پاشان شیعر؟

– دەتوانم بڵێم هەردووکیان. حەزی کارکردنم لەهەر یەکەیاندا زیاتر لەویتریانی نزیک دەخستمەوە. لەڕاستیدا هەموو کایەکانی داهێنان بەجۆرێک لەجۆرەکان دەچنەوە سەر یەکدی و تەنانەت دە بنەتەواوکەری یەکدی. خۆتان دەزانن ساتێک هەیە و کە بە تەنها بوارێک لەو بوارانە ناتوانێ هەموو تین و تاوی دەربڕین و گوزارشت لەخۆکردن لەمرۆڤدا لەخۆ بگرێت، دەبێ لەفۆرمێکی تر و ستایڵێکی تری دەربڕیندا بەدوایدا بگەڕێین. ئەم پرسیارەی ئێوە دە شێ بەدیوێکیدا پێوەندی بە لەیەکتردابڕانی ئەو کایانەی داهێنان

له دونیای ئێمه و لەلای نووسەر و هونەرمەندی ئێمه هەبێت. بۆ نموونه کەسێک که شاعیر بوو ئیدی ئاگای لەبواری شانۆ نابێت و چ زانیارییەکی ئەوتۆی له شانۆ و تەنانەت لەمۆسیقادا نابێت، یاخۆ که شێوەکار بوو ئیدی بواری شانۆ یان شیعری پێ مەبەست نابێت و بەلایدا ناچێت. لەڕاستیدا هیچکام لەو کایانه دابڕ نین له ویتریان و لەساتێکدا هەست دەکەیت که تەواوێک بەیەکدا دەچن و سنوورەکانی نێوانیان بەشێوەیەکی بەرچاو کاڵ دەبنەوه. من به شبەحاڵی خۆم له لەحزەیەکدا ئەوەندەی شیعر لەبینینی شانۆنامەیەک یان بینینی فیلمێک یاخۆ ڕامان لەتابلۆیەکدا دەبینم لەخودی شیعرێکدا نایدۆزمەوه. هێندەی لەشیعرێکدا مۆسیقا دەژنه وم و لەتابلۆیەکدا دەیبینم، دەشێ هەمان ئەو چێژ و جوانییه له خودی تابلۆ و مۆسیقاکەدا هەڵنەگۆزم.

پ/ ئێوه هەمیشه بەشێک له یادەوەرییەکانتان له ناو شانۆوه سه رچاوه دەگرن، تەنانەت له نێو هەندێک له دەقەکانتدا کارت لەسه ر هونەرمەنده شانۆییەکان کردووه و  ناوی کەسایەتییەکانی نێو دەقه شانۆییەکان دێنیت، ئایا شانۆ توانیویەتی یادگارییەکی وه ها تۆکمه لەناو تۆدا بنیاد بنێت، که بۆ هەمیشه نەتوانیت له خۆتی دەربهێنیت و بەردەوام لەگەڵیدا بژیت؟

– وەک باسم کرد ماڵی من لەکۆڵانی شانۆشه. ژیان و یادەوەرییه کی زۆرم لەگەڵ خوێندنەوەو بینینی ئەو دونیایەدا هەیه. ئەوەی لەشیعردا بەدوایدا گەڕاوم و نەمدۆزیوەتەوە، لەشانۆدا زۆر به زیندوویی بینیومەتەوه. ساتێک هەیه که شیعر دەرگاکانی لێ

داخستووم و شانۆنامەیەک پەنجەرەکانی خۆی بەڕوودا کردوومەتە وە. شانۆ دەری کردووم و لەبەر دەرگای ڕۆمانێکدا خۆم بینیوەتە وە... بەوەدا کە ژیان بۆ خۆی شیعرێکی نەنووسراو یان تەواو نە کراوە و بەوەش کە شانۆ بەشێکی زیندووی بەرجەستەکەری گۆشە یەک لەو ژیانەیە، ئەوا ئیدی سەیر نییە پڕ بێت لەو کەسایە تییانەی کە لەگەڵ یەکەم بینین و ناسینیاندا دەیانناسینەوە و ئاشنایان دەبین و دەبنە هاوڕێمان.

پ/ لەنێو بەشێک لە دەقە شیعرییەکانی ئێوەدا، بەردەوام هەست بە هێڵێکی درامی دەکرێت، بەجۆرێک لە هەندێک جێگەدا کاراکتەر و ڕەگەزەکانی تری دەقی شانۆ دەبینرێت، ئایا ئەمە پەیوەندی بەو زەمەنەوە نییە کە تۆ لەنێو شانۆدا ژیاویت؟ یان نەخێر بەبێ ویستی خۆت ئەو حاڵەتە لای ئێوە بوونی هەیە؟

– بێگومان پێوەندی بەوە و پەیوەندی بەڕوانینی منیشەوە هەیە بۆ ژیان کە دەمەوێ زیاتر و زیندووانەتر بەر ژیان بکەوم و دەستی لێبدەم و هەستی پێبکەم. تۆ بیهێنە بەر چاوی خۆت هەستکردن و یەکانگیربوونی ئەکتەرێک بەگۆکردنی وشەیەک کە لە زاری کارە کتەرێکەوە دەگوترێت، ئاخۆ دەبێت ئەو گۆکردنە چ پڕ ژیان و زیندوو بێت تا بیگەیەنێتە گوێی بینەر و بەرجەستەکەری ناخی کارەکتەرەکە، دەبێت ئەو کارەکتەرە هەڵگری چ ستركتور و بونیادێک بێت کە وەک کەسێکی لەگۆشت و خوێن ڕۆنراو دەرکە وێت، دەبێت ئەوەی کە لەسەر شانۆدا دەیبینین تا کوێ بەخۆیمانە وە ڕایەڵ بکات و تا دوایین لەحزە دوویکەوین. پێموایە شیعر بەم

دیوەیدا دەبێت هەڵگری هەمان زیندوویێتی و ژیان و ئەفسوون بێت کە پیت و وشەکان هەڵگری هەمان ئەو ژیان و زێندوویێتییە بن کە لەسەر زاری ئەکتەرێکی لێهاتوودا گۆدەکرێن و دەبنە گوزارشتکەری زیندوویێتیی و ژیان بەهەموو ئومێد و نائومێدییەکانییەوە، بەهەموو خەون و خایلە و جوانی و دزێوییەکانییەوە.

پ/ ئەگەر بێت گەشتێک بەنێو تێکستە شیعرییەکانی تۆدا بکەین، دەبینین سروشت باڵی بەسەر ئێتمۆسفێری هەندێکیاندا کێشاوە، تەنانەت لەهەندێک جێگەدا بەشێوەیەکی بەرچاو هەست بە (هایکۆ) دەکرێت، ئەگەر ویستوتە (هایکۆ) بنوسیت بۆچی پابەند نەبوویت بەو یاسایانەی (هایکۆ) دەیخوازێت؟ یان تۆ مەبەستە (هایکۆ) ئاوێتەی تێکستەکانت بکەیت؟

– نا نەمویستووە هایکۆ بنووسم بەڵام دەشێ لەهەندێک شوێندا جۆرە تەکنیکێکی دەربڕین هەبێت کە بە شێوەیەکی ڕاگوزەرییانە و بێ ئەوەی خۆم هیچ ویستێکم لەوەدا هەبووبێت، جۆرە خزمایە تییەکی لەگەڵ هایکۆدا پەیدا کردبێت. بە گوزارشتێکی سادەتر دە کرێ بڵێم کە من کاتێ دەنووسم هیچ نیازێکی لەوەوبەرم نییە و ئە وە خودی شیعرەکەیە ئاوەرۆی فۆرمی خۆی دیاری دەکا.

پ/ وەک ئاشکرایە تۆ لەبواری وەرگێڕانیشدا کار دەکەیت و جێگە دەستت لەم بوارەشدا دیارە، هەندێک تێکستی بەرچاو لەسەر

دەستی تۆ هاتوونەتە نێو ئەدەبی کوردییەوە، ئایا بیرت لەوە نەکردۆتەوە هەندێک تێکستی کلاسیکی یۆنان کە لەڕاستیدا ئێمەی نەوەی پاش ڕاپەڕین تەنیا ناوەکانیانمان بیستووە، وەربگێڕیتە سەر زمانی کوردی؟

– ئەوەی من لەبواری وەرگێڕاندا کردوومە هەوڵگەلێکی هاکەزایین و چەند کارێکی دیاریکراو دەگرنەوە کە خۆشمویستوون و بە جۆرێک لەجۆرەکان دەسەڵاتم بەسەر وەرگێڕانیاندا شکاوە. لە ڕاستیدا هەموو ئەوەی ئێمەمانان دەیکەین هەر هەمووی هەوڵی تاکەکەسین و دەکرێ بڵێین لەهیچ باشترن، دەنا پرۆسەی وە رگێڕان وەک بزاڤێکی ڕێنیسانسئامێز و قوتارکردنی کتێبخانەی میللەتێک لەهەژاریی و کۆڵەواریی، گەرەکی بە بەرنامە و دامەزراو و پسپۆڕانی دڵسۆز هەیە، کاری بەردەوام و دەزگا و دامەزراوی تایبەتمەندی دەوێ کە لانیکەم ساڵانە سەدان کتێبی دانسقە لە زمانەزیندووەکانی دونیاوە، بخاتەبەر دیدەی خوێنەران.

پ/ پاش وەرگێڕانی چەند تێکستێک لەوانە شانۆیی (کارەکەرەکانی ژان ژینییە) ڕۆمانی (ڕاپۆرت بۆ گریکۆ) ی نیکۆس کازانتزاکیس جارێکی تر هەستایت بە سەر لەنوێ وەرگێڕانیان، ئەگەرچی لە پێشەکی (ڕاپۆرت بۆ گریکۆ)دا دەڵێیت: (ئەوەی هانیدام ئەو جوانی و ڕەوانی و کەشە ئەفسوناوییە بوو کە باڵی بەسەر وەرگێڕانە سوێدییەکەدا کێشابوو) ئایا ئەوەندەی خۆت بە سەر لەنوێ وەرگێڕانەوەیانەوە خەریک کرد، سەرقاڵی وەرگێڕانی چەند

بەرهەمێکی تر بوویتایە باشتر نەبوو؟ یان لە وەرگێڕانەکانیان ڕازی نەبوویت؟

– وەرگێڕانەوەی ئەو کارانەی کە ئاماژەت پێدان پێوەندی بەوەوە هەیە کە سەرلەنوێ بەزمانێکی تر خوێندوومنەوە. پێموایە هەر وە رگێڕێکی تریش کاتێک کارەکانی لەوەوبەری بەزمانی تر دە خوێنێتەوە کە لەوەوبەر ئەو زمانانەی نەزانیون، مەیلێکی بۆ سە رلەنوێ خوێندنەوەیان لەلا دروست دەبێت لانیکەم بۆ ئەوەی لەکە موکوڕییەکانی ئاگادار بێت و بزانێت جیاوازیی لەنێوان هەر دوو زمانەکەدا، لەکوێدایە. دیارە شاندانەبەر هەمدیس وەرگێڕانەوەیان کارێکی زەحمەتە و هەندێک جار وەک ئەوە وایە کەسەرلەنوێ کار لەکتێبێکی نوێدا بکەیت، ئەوەش جۆرێک لەحەوسەڵە و کات و نە فەس درێژیی دەوێت ... نووسەرانێک هەن چاپی بەردەوامی وە رگێڕانەکانیان دەکەنەوە بێ ئەوەی حەرفێکیان لێ بگۆڕن، هەیشن حەز دەکەن گۆڕانکارییان تێدا بکەن و گەر بلوێت چاو بەکۆی کارە کانیاندا بگێڕنەوە و بەڕیتمێکی تر و لەسەر زمانی تر کاریان لە سەر بکەن ... ئەوەی من کردوومە شتێکە لەمەی دواییان. وێڕای ئە وەش من لەو کەسانەم کە کارێک وەردەگێڕم، ئەوە نییە ئیتر نە چمەوە بەلایدا و وازی لێبێنم، بەڵکو ناو بەناو دێمەوە سەری و دە خوازم لەچاپی تر و دەرفەتی تردا کاری تێدا بکەمەوە و تا دوایین دڵۆپ جوانییان تێدا بگوشم. هەندێک کتێب لە ژیانی نووسەراندا هەن کە دەکرێت ناویان بنرێت کتێبی عومر، کتێبێک کە خۆشە ویستی و نازێکی زیاتری لای نووسەر و وەرگێڕەکەی هەیە و بە دە یان تاڵەدەزوو بەئەزموون و خۆشەویستی نووسەرەکەیەوە

گرێدراوە. دەکرێ بڵێم کتێبی "ڕاپۆرت بۆ گریکۆ" لە بواری وە رگێڕاندا بۆ من کتێبی عومرە و هەمیشە دەچمەوە ماڵی و ناتوانم دەسبەرداری بم.

پ/ هەندێک لەو کتێبانەی ئەمڕۆ لە زمانە بیانییەکانەوە وەردەگێڕێن، دەبینین و هەستی پێدەکەین، کە وەرگێڕانێکی وشە بۆ وشە کراوە، ئایا ئەم جۆرە وەرگێڕانە زیان بە کەش و مانا و ناوەڕۆکی دەق ناگەیەنێت؟

- بێگومان ئەو جۆرە وەرگێڕانانە نەخوێندنەوەیان باشترە. پرۆسەی وەرگێڕان بەر لەوەی وەرگێڕانی وشەو ڕستە بێت لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دی، گواستنەوەی ڕەوش و ئەتمۆسفێر و فە زای کولتوورێکە بۆ کولتورێکی دی. وەرگێڕان لەحزەیەکە کەبەر زمان لەدۆخێکی تایبەتیدا دەکەوین و پرسیاری گرنگیش ئەوەیە کە چۆن بتوانین ئەو زمانە بە هەمان زیندوویێتیی و تایبەتمەندی خۆیەوە بۆ دۆخ و ئەتمۆسفێرێکی تر بگوێزینەوە کە تیایدا هەڵبکا و وەک کائینێکی نامۆ و ئیفلیج نەژی و خۆی وەدیار نەخات.

پ/ هەندێک و بگرە زۆرینەی نەوەکانی پێش ڕاپەڕین، لەنەوەی نوێ ڕازی نین و پێیان وایە ئەم نەوەیە نەیتوانیوە لە ئەدەب بە گشتیدا و شیعر بەتایبەت ببێتە خاوەنی دەنگی خۆی، هێندەی ئاگاداربم تۆ گرنگی بەخوێندنەوەی تێکستی گەنج دەدەیت، ئایا

**تۆش هەمان بۆچوونت هەیە؟ یان بەپێچەوانەوە گەشبینیت بەرامبەر ئەم نەوەیە؟**

**– لەڕاستیدا هەر کەسێک ئیدی خۆی لەهەرچ نەوەیەکدا ببینێتەوە ، یەکەمین شتێک کە گرنگ بێت ئەوەیە متمانەی بەخۆی هەبێت و خەریکی کاری خۆی بێت و زۆر خۆی بەوتیوتی و قسەوباسەکانی ئەو نێوەندە ئەدەبییەی ئێمەوە سەرقاڵ نەکات. وێڕای ئەوە ناکرێ بە پێوانەی نەوەکان داهێنانی قۆناخێک لەقۆناخەکانی ژیانی ئەدە بی سەردەمێک لەسەردەمەکان بپێورێت. پێموایە هەموو ئێمە کە هە نووکە زیندووین و دەنووسین سەر بەهەمان نەوەین و هەموومان پێکەوە بە بەرهەمە ئەدەبیی و هونەرییە باش و خراپەکانمانەوە، وێنەیەکی کولتووریی سەردەمەکەی خۆمانین. ڕاستییەک لەو دونیا کوردییەی ئێمەدا هەیە کە دڵنیام هەموو دەنگە تازەکانی ئازار داوە و بە جۆرێک لەجۆرەکان نائومێدی کردوون، ئەویش بەدیوێکیدا ئە و بێباکییەیە کە باڵی بەسەر نێوەندەکەی ئێمەدا کێشاوە کە بەردە وام مەیلێکی گەورەی بۆ گوێپێنەدان و پەراوێزاندنی کاری جوان تێدایە و بەدیوێکی تردا کار لەسەر بێ نرخ کردنی نووسین و هە رزانفرۆشکردنی و قەرەباڵخیی دروستکردن دەکات. لەمیانەی دۆخێکی وادا کە تایبەت بەمرۆ نییە و ڕەگێکی زۆر لەمەوبەری هە یە، دەنگە تازەکان و بەتایبەتیی جیدییەکانیان زۆر بەدەگمەن دە بینرێن و دەخوێنرێنەوە و دانی خێریان پێدا دەنرێت. بەڵام وەک گوتم ناکرێت قەڵەمی نوێ و دەنگی داهێنەر هیچ ئومێدێکی ئەوتۆ لەسەر نێوەندێکی قەرەباڵخ و پڕ هەراوزەنای وەک ئەوەی ئێمە هە ڵچنێ. من هەموو جارێک کە دێمەوە کوردستان خۆشبەختانە چەند**

دەنگێکی تازە دەناسم کە لەوەوبەر کارەکانیانم نەبینیون. ئەوەی لەو هاوڕێیانەدا سەرنجم ڕادەکێشێت، کەفوکوڵ و خۆشەویستییانە بۆ گوێڕادێران و فێربوون و دامەزراندنی پێوەندییەکی هاورێیەتی و ئینسانی لەگەڵ ئەوی دیدا، حەز و خولیایانە بۆ گەڕان و بینین و ئەزموونکاریی. وێڕای ئەوەی لەناوەوەیانڕا پڕن لەنائومێدییەک کەنێوەندی ئەدەبیی و قەرەباڵخیی و دامودەزگا کولتوورییەکانی ئێمە تیایدا چاندوون ... لەڕاستیدا من هەمیشە ئەوەندەی دانیشتن لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەو گوێڕادێران لێیان و فێربوون لێیانەوەو هاورێیەتی کردنیان شادمانم دەکا و خۆشەویستیم بۆ نووسین نوێ دەکاتەوە، ئەوەندەو زیاتریش هەستان و دانیشتن لەنێو ناوەندە ڕەسمییەکەدا دووچاری نائومێدیم دەکا.